# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی ئەحمەد موختار جاف


**کاروان عوسمان خەیات**
**(تاران)**

**(١ - ٢)**

**وتەیەکی پێویست**

ئەحمەد موختار بەگی جاف، یەکێکە لەو شاعیرانەی تاکو ئێستا سێ جار دیوانەکەی لە لایەن نووسەران و ئەدیبانەوە چاپ کراوە، ساڵی (١٩٦٠) (کەمالی)ی شاعیر دیوانی ئەحمەد موختاری بۆ یەکەمین جار چاپ کرد، دواتر گیوی موکریانی بە هەندێ شیعری زیادکراوەوە، دیوانەکەی چاپ کردەوە، لە ساڵی (١٩٨٦)یشدا بە هەوڵی دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و ئەفراسیابی کوڕی شاعیر، دیسانەوە شیعرەکانی لەگەڵ دەستنووس و نووسراو و چاپکراوەکاندا بەراورد کردەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر چاپیان کردەوە، هەرچەندە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نەبووە و پێویستی بە پێداچوونەوەی تر هەبووە. لە ساڵی (١٩٨٦) بە دواوە، ئیدی ئەم دیوانە پێداچوونەوەیەکی تری بەخۆوە نەبینی، بەڵام چەند جارێک ئەم دیوانە سکان دەکرایەوە و چاپ دەکرایەوە.(*)

دوای ئەوەی نوسخەی (٢٥) پارچە شیعریی بڵاونەکراوەکەی (ئەحمەدموختار جاف)مان دەست کەوت و لە پێشەکی دیوانەکەی ساڵی (١٩٨٦)دا باسی لێوە کراوە و لە دیوانەکەیشدا لە پەراوێزێکدا باسێکی کەمی لێوە کراوە، ئەو دەستنووسە بە خەتی سەیید عەلی (کەمالی) لە وڵاتی ئێران و لە کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا پارێزرابوو، بەشێوەی نامیلکە چاپمان کرد، بەڵام هەندێک هەڵەی تێدا بوو، بۆیە بە باشمان زانی دووبارە پێداچوونەوە بەو نوسخەیەدا بکەین و چاپی بکەینەوە، دواتر مامۆستا هەردەوێڵ کاکەیی دەستنووسێکی ناوچەی کفری بۆ ناردین، بەو نیازەی ئەو شیعرانەی کە بڵاو نەکراوەتەوە دووبارەنووسی بۆ بکەین و لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپی بکەین، دوای ئەوەی بۆمان ڕوون بووەوە کە نزیکەی سی بۆ چل پارچە شیعری ئەحمەد موختار و تاهیر بەگی برای تێدایە، بە باشمان زانی دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف و ئەو نوسخانەی سەیید عەلی (کەمالی)ی بۆ ئەحمەد موختاری نووسیوەتەوە و شاعیر خۆی مۆر و ئیمزای لەسەر کردووە و نوسخەکانیش جێگەی باوەڕن، هەموویان لێکبدرێن و لەو ڕێگەیەوە ژیاننامەیەکی نوێی بۆ بنووسین و ئەو شیعرانەیش کە بڵاو نەکراونەتەوە، یان بڵاوکراونەتەوە، بەراورد بکرێن و ئەو جێگایانەیش کە گرفتیان هەیە چاک بکرێن، ئەو بۆشاییانەیشی بەهۆی نوسخەی تر کە لە بەردەستدا بووە، پڕ بکرێنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستنووسی شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف کە لە لایەن (کەمالی)یەوە نووسراونەتەوە و پێشتر قسە و باسمان لەسەر کردبوون و بڵاویش کراونەتەوە، بە



**ئەحمەد موختار جاف**

پێویستمان نەزانی دووبارە بێین بیانناسێنین و لاپەڕەی پێ پڕ بکەینەوە، هەروەها نوسخەکەی (کفری)ش لەبەر ئەوەی لە دیوانی تاهیر بەگدا بە وردی قسەی لەبارەوە دەکەین، لێرەدا نامانەوێ لێی بدوێین.

ئەوەی شایانی باسە بۆ ئەم دیوانە سوود لە چەند دەستنووسێک کە بۆ خودی ئەحمەد موختار جاف نووسراوەتەوە، وەرگیراوە، هەروەها لەگەڵ چەند کتێبێکی چاپکراوی سەردەمی شاعیر، یان نزیک لە شاعیر و گفتوگۆی هاوڕێیان و نووسەرانی دەوروبەری شاعیر کۆکراوەتەوە و کاری بۆ کراوە و ئامادە کراوە. زیاتر هەوڵمان داوە سوود لە سەرچاوە کۆنەکان و ئەو نووسین و نووسراوانەی کە تایبەتین و لە ئەحمەد موختارەوە نزیک بوون، بەکار بهێنین، باوەڕپێکراو و نزیکیش بوون لە سەردەمی شاعیرەوە، کە یان شاعیریان دیوە، یان هاوتەمەنی شاعیر بوون، ئەم سەرچاوانە گرنگن و زیاتر جێگەی بڕوان و کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

هەر لەم دیوانەدا تیشک خراوەتە سەر بابەتی جیاواز لە ژیانی شاعیر و لێی کۆڵراوەتەوە، هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی بێلایەنانە و زانستییانە و بابەتییانە بینووسین و نووسیومانە، لەگەڵ ئەوەیشدا نزیکەی (٢٦) پارچە شیعری بڵاونەکراوە لەم دیوانەدا هاتووە، شیعرەکانی ئەم دیوانە بریتین لە شیعرە فارسی و کوردییەکانی شاعیر، لەگەڵ شیعرەکانیشدا چەند دێڕێک بەشێوەی پەخشان و بە زمانی فارسی لەم دیوانەدا هێنراوە، شاعیر کاتی خۆی لەسەر کێشی بەحری تەویل نووسیویەتی و لە ناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا، شتێکی دەگمەنە، بۆ یەکەمین جاریشە بڵاو دەبێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کێشی شیعرەکانیش دیاری کراون، لە پەراوێزیشدا هەندێ بەیتی شاعیرانمان هێناوە، یان هی شاعیرانی پێش خۆیەتی و بەبێ ئاگایی، یان بە ئاگایی، لێکچوون و نزیکایەتییەکی لەگەڵ ئەو بەیت و غەزەل و شیعرانەی ئەحمەد موختاردا هەیە، هەندێکی تریشیان هی شاعیرانی دەورەی خۆین و لێکچوون لەنێوانیاندا هەیە، هەندێکی تریشیان جۆرێک کێبڕکێ و جوانکاریی شیعرییە، هێناومانە و ناوی شاعیرەکانیشمان دەستنیشان کردووە. لە کۆتایی ئەم دیوانەیشەوە بیبلۆگرافیایەکی بچووک بۆ دیوانی ئەحمەد موختار جاف لە لایەن (بوار نوورەدین)ـەوە ئامادە کراوە و پێشکەشمان کردووە، ئێمەیش وەک خۆی دامانناوە. ئەم بیبلۆگرافیایە ڕێ نیشاندەرێکە بۆ هەر لێکۆڵەرێک بیەوێ لە بارەی ئەحمەد موختار جافەوە کار بکات و سەرچاوە کۆ بکاتەوە، سوودی تایبەتی دەبێت.

لەم دیوانەدا وێنەی چەند دەستنووس و بەڵگەنامەیەک کە بە خەتی کەمالی و ئەحمەدموختار و کەسانی تر نووسراون، دەرمان هێناوە.

ماوەتەوە بڵێین، ئەوەی لێرەدا ئامانجی ئێمەیە تەنیا خزمەتکردنێکی بچووکە بە شاعیر ئەحمەد موختار بەگ و ڕزگارکردنی بەرهەمەکانی، لەگەڵ پێداچوونەوەیەک بەو دیوانەدا، چونکە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو دیوانەدا ڕۆیشتووە و پێویست بوو بە شێوەیەکی نوێ و نووسینی نوێ و لێکۆڵینەوەی نوێوە، بخرێتەوە بەردەست خوێنەری کورد. هیواداربین لەم بەرهەمەدا توانیبێتمان ئامانج و مەبەستی خۆمان بپێکین و خزمەتێکی بچووکی دیوانی ئەحمەد موختار جاف و کتێبخانەی کوردیمان کردبێت.

**ژیاننامەی شاعیر**

لەمڕۆدا وا بە باش دەزانین بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی هەر شاعیرێک، پشت بە سەرچاوەی دەستەیەک بەستریت و سەرچاوەگەلێک بەکار بهێنرێت کە یان نوسخەی شاعیر بن، یان نووسەری شاعیر بن، یان لە بنەماڵەی شاعیر و شاعیرەوە نزیک بووبن و بەکار بهێنرێت، ژیاننامەی زۆر لە شاعیرانمان ناتەواوە و

پێویستە پێداچوونەوە بە ژیان و بەرهەمیاندا بکرێتەوە، هەروەها پێویستە ژیاننامەی شاعیران بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش بکرێت و لە هەر تەوەرێکدا باسی ئەو بابەتە بکرێت. لێرەدا ئێمە ژیاننامەی ئەحمەد موختارمان بەسەر چەند بابەتێکدا دابەشکردووە و لە هەر بابەتێکدا باسی جیاوازمان خستووەتە ڕوو.

**ناوی شاعیر**

سەبارەت بە ناوی شاعیر، لە هەموو سەرچاوەکانی بەردەستماندا بە چەند شێوەیەک ناوی هاتووە، لە گرنگترینیان ئیمزا و مۆرەکانی خودی شاعیرن کە لەسەر دەستنووسی سەیید عەلی (کەمالی) (١٨٨٥-١٩٧٤) کردوویەتی، سەیید عەلی (٧) دەستنووسی بۆ ئەحمەد موختار بە یەک شێوە کاغەز و خەت نووسیوە. لە دەستنووسەکاندا هەم نووسەرەوە و هەم شاعیر بە چەند شێوەیەک ناوی شاعیریان نووسیوە و هێناویانە، لە دەستنووسەکەی دیوانی ئەحمەد موختاردا بەم شێوە ناوی شاعیر هاتووە: "کلام احمد مختار بیگ،(١) شکار همه(٢) احمد بگ، خانا پاشازاده، مۆر ئەحمەد موختار جاف،(٣) خانا پاشازاده احمد مختار،(٤) مخمس سرکار احمد بیگ، کلام احمد مختار بیگ".

لە دەستنووسەکەدا بە چەند شێوەیەک ناوی شاعیر هاتووە و هەر یەکەیان گرنگی خۆی هەیە، گرنگایەتی ئەو نووسراوانە لەوەدایە خودی شاعیر خۆی دیویەتی و مۆری کردوون، هەندێکیشیان خەتی شاعیر خۆیەتی. نووسەرەوەی دەستنووسیش کەسێکی نزیک بە شاعیر خۆی بووە و دەستنووسەکەی بۆ شاعیر نووسیوەتەوە.

لە کەشکۆڵەکەدا ناوی شاعیر و هەندێ زانیاری لە لاپەڕەی یەکەمیدا هاتووە، زانیارییەکان باسی ڕۆژی لە دایکبوون و مردنی چەند کەسایەتییەکی نزیک لە شاعیر دەکات، نووسەر نووسیویەتی: "وفات مرحوم محمد صالح بیگ ملا حسن بیارە ١٣٣٤، وفات مرحوم حسن بیگ حسین بیگ ملا حسن سید خلیل ١٣٣٤، تولد سرکار علی بیگ از پازدەهم شهر ذي الحجة سنة ٢٩٦ (١٢٩٦)، تولد سرکار حسین بگ چهاردەهم محرم سنه ٢٩٨ (١٢٩٨)، تولد سرکار احمد بگ دوازدەهم شهر ربیع الاول سنة ٣٠١ (١٣٠١)، تولد احمد بگ عثمان پاشا ١٣١٦، وفات مرحوم محمد فهمی بیگ پسر کیخسرو بیگ ملا حسن قزرەباط سنة ١٣٣٤".

لە کۆتایی ئەم کەشکۆڵەشدا نووسراوە: "تمت شد جهت نونهال حدیقة اقبال وعزت ومجدت میر سعادت مختار بیگ دام اجلاله واقباله وعلی تحصیل الکمال اعانه وصانه آمین به منه اللهم صل علی المختار- فکر احوال خود و یا ان هم امشب یاد بسیار مجنون دلیلا لهم، سنة ٩ محرم ٣٣٣ (١٣٣٣)".

ئەوەی لەم دەستنووسەدا بۆ ئێمە گرنگە، هاتنی ناوی شاعیر ئەحمەد موختارە. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکی دیکەیە لە دەستنووسەکانی کەمالی و لە کۆتاییشدا نووسیویەتی: "تمت شد کلام شیخ رضا رحمه الله...".

لێرەدا ناوی ئەحمەد موختاریان ڕەشکردووەتەوە. لە کۆتایی دیوانی (سالم)یشدا نووسەرەوەی دەستنووس نووسیویەتی: "تمام شد کلیات سالم جهت سرکار احمد مختار بگ دام اقباله الی مدیر زمان یارب مبارکش بادا به منه آمین به دست سید علی".

لە دیوانی کوردی و کۆتایی شیعرەکانییەوە، نووسەر نووسیویەتی: "تمت شد کلیان کردی جهت سرکار خزمتدار احمد مختار بیگ دام اقباله، سنه ١٣٣٢ شهر دل القعده ٢١- ئیمزا احمد مختار". لە دوای هۆنراوەکانی (کوردی)یەوە، چەند شیعرێکی لە شاعیرانی تر هێناوە و لە کۆتایی هۆنراوەیەکی شێخ شەهابەوە ئەم نووسینە هاتووە: "غزل در وقت نوشته شد کە در خدمت جناب احمد مختار بیگ محمود پاشا نشسته بودیم در کانی چقل، آه وقت خش بود، سنة ١٣٣٤- خان پاشازاده- احمد مختار".

لە یەک دوو لاپەڕەی پێش کۆتایی دیوانی تاهیر بەگی برایەوە، ئەم چەند دێڕەی بۆمان نووسیوە: "در سنەی هزار و سیصد و سی و چوار، در ایام صفربرلک برای یادگار نوشته شد، من نمانم خط بماند یادگار- اه اه ١٣٣٤، خانا پاشازاده- احمد مختار". لە لاپەڕەی کۆتاییشدا کەشکۆڵنووس نووسیویەتی: "به امر احمد مختار بگ نوشته شد، من نمانم خط بماند یادگار، در کانی چقل نوشته شد به دست سرکار احمد بگ، سنه ١٣٣٤- احمد مختار". هەر لەم لاپەڕەیەدا و لە کۆتایی بەیتێکی فارسییەوە بە خەتی ئەحمەد موختار نووسراوە: "پاشازاده- احمد مختار".

لە دیوانی (نالی)شدا بەم شێوە هاتووە: "احمد مختار (بە ئیمزا نووسراوە)، تمت شد غزلیات نالی جهت سرکار عالی احمد مختار بیگ دام اقباله، یارب مبارکش بادا به منه، سنه: ٢٩ رمضان ١٣٣٢ داود". هەر لەم



**مالی وەسمان پاشای جاف لە شاری هەڵەبجە**

لاپەڕەیەدا شاعیر خۆی چەند جارێک مۆر و ئیمزای لەسەر کردووە: "احمد مختار عثمان پاشازادە، احمد مختار (پێنج جار بەشێوەی ئیمزا و لە نزیکی یەکدا ئیمزای کردووە)، صاحب... خط تاوگوز قرلی احمد مختار عثمان پاشازدە".

لە بەڵگەنامەیەکدا کە لە (١٢ی نیسانی ١٩٣٤ تا ١٤/٤/١٩٣٤)ی زایینی نووسراوە، نووسراوەکە بە خەتی شاعیرە و بەڵگەیەکی موڵک فرۆشتنە، شاعیر دەنووسێت: "من کە ئەحمەد موختاربەگ کوڕی عوسمان پاشا و ساکین حەڵەبجەم، ئەحمەد موختاربەگ کوڕی عوسمان پاشا (پوول)، ئیمزاکەی ئیمزای ئەحمەد موختار بەگی کوڕی عوسمان پاشا، ساکین حەلەبجەیە، شەخسیی و هەویەتی لە لای خۆم مەعلووم و بە موندەرەجاتی ئەم سەنەدە لە حوزوورمدا ئیقرار و ئیعترافی کرد".

ئەو سەرچاوانەی خرانە ڕوو، هەموویان لە ژێر چاودێری ئەحمەد موختاردا نووسراونەتەوە، جگە لەوەی شاعیر خۆی چەندان جار مۆر و ئیمزای ئەو دەستنووسانەی کردووە، دوو دەستنووسیان تایبەتن بە خودی شاعیر و تاهیر بەگی برای، شاعیر بە هۆنراوەکانی خۆیدا چووەتەوە و لە هەندێ جێگایشدا هەڵەکانی چاک کردووەتەوە، ئەمەیش گرنگترین خاڵە بۆ ئەم دەستنووسانە دوای ئەوەی خۆی پێداچوونەوەی بۆ شیعرەکان کردووە و باوەڕی بە نووسینەکانی نێوی هەبووە، پەسەندی کردووە و هەڵی گرتوون.

کەمالی شاعیریش جارێک بە ئەحمەد و جارێکیش ناوی بە: "ئەحمەد موختارە" نووسیوە. (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ١٩٦٩، ١٠). کەمالی لە دیوانی ئەحمەد موختاردا نووسیویەتی: "شاعیری بەناوبانگ خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختار بەگ...". (دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ١٩٦٠، ٣)، نەجمەددین مەلایش (١٨٩٢-١٩٦٩) نووسیویەتی: "ئەحمەد موختار بەگی جاف کوڕی وەسمان پاشای ڕەئیسی عەشیرەتی جافە، ئەحمەد موختار بەگ...". (سۆزی نیشتمان، ١٩٤٢، ٣٧٧)، هەروەها نەجمەددین مەلا لە دەستنووسێکی تردا نووسیویەتی: "ئەحمەد موختار جاف: ئەحمەد موختار بەگ کوڕی عوسمان پاشای جافە (احمد مختار بگ)". (مینای شکەستە، ب ٣، ٥٠٨)، بەڵام هەرچی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی)شە (١٩٠٧-١٩٨٤) نووسیویەتی: ناوی "ئەحمەد و کوڕی وەسمان پاشای جاف..."ە، (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٩٥، ٥٢٤). د. مارف خەزنەداریش (١٩٣٢-٢٠٠٧) ژیاننامەی شاعیری لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی (عەلائەددین سەجادی)یەوە وەرگرتووە و لەبارەیەوە دەنووسێت: ("ئەحمەد موختار" ناوێکی لێکدراوە، لە کۆنەوە "موختار" بوو بە نازناو و سیفەت بۆ ناوی "ئەحمەد" کە یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەر، ئیتر لە دوای ئەمە موختار بۆ هەموو "ئەحمەد"ێک بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵی عوسمانیدا...). (مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، ٢٠٠٥، ٤٥١).

بەڵام هەریەک لە (کەمالی)ی شاعیر و سەجادی دەڵێن: ناوی (ئەحمەد)ە، ئینجا دەڵێن: ناوی ئەحمەد موختارە، کەواتە لە سەرەتاوە ناوی ئەحمەد بووە و دواتر ناوەکەی بە ئەحمەد موختار کراوە و لێکدراوە. کەمالی لە دیوانەکەیشیدا دەڵێت: خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختار بەگ و نەجمەددین مەلایش دەڵێن: ئەحمەد موختار بەگی جاف. خەزنەداریش دەڵێت: ئەحمەد موختار ناوێکی لێکدراوە و ناوەکە سەرەتا بۆ پێغەمبەر بەکارهاتووە و دواتر لە ماوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە بە ناوی لێکدراو و لەگەڵ ناوی تردا بەکارهاتووە.

شاعیر لە دەستنووس و بەڵگەنامەکاندا بە چەند شێوەیەک ناوی خۆی هێناوە: (ئەحمەد موختار، موختار بەگ، ئەحمەد موختار بەگ، خان پاشازادە، خاناپاشازادە، پاشازادە، ئەحمەد موختاربەگ کوڕی عوسمان پاشا).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ناوانەی لە دەستنووسەکەدا هاتوون، لێکدراون، ئەگەر ئەم دوو ناوەیش پێکەوە هاتبن و شاعیر لە ئیمزا و مۆرەکانیدا

هەموو ناوەکانی پێکەوە هێناوە و نووسیوە، دەبێ ناوەکە لێکدراوبێت و پێکەوە بنووسرێت، کەواتە دەبێ بڵێین ناوی شاعیر سەرەتا ئەحمەد بووە و دواتر ناوی موختاریان بۆ زیاد کردووە و ناوەکەی کراوە بە ئەحمەد موختار، هەرچی نووسینەکانیشیانە بۆشایی نێوان ئەحمەد و موختارەکەیان بە نیو بۆشایی داناوە، واتە: بۆشاییەکی زۆر کەمیان داناوە. بەم پێیەش وتەکەی د. مارف خەزنەدار ڕاستە ناوەکە لە دەورەی پێغەمبەرەوە دەستی پێکردووە و دواتر لە ناو عەرەبەکاندا بڵاوبووەتەوە، لەوێشەوە بۆ ناو تورک و فارسەکان تەشەنەی کردووە، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا سەرەتا ناوی ئەحمەد بووە و دواتر کراوە بە ئەحمەد موختار، دەبێ هەردوو ناوەکەیش پێکەوە بنووسرێت.

لەبەر ئەوەی ئەم دوو ناوە پێکەوە هاتووە و نووسینیشیان پێکەوە ناوێکی دووردرێژ پێکدێنێت، بە هاتنی پیتی (د) تۆزێک وەستان و گیردانی زمانی تێدایە، لە نووسینی کوردیدا ناوەکەیان بە جیا نووسیوە، هەر ئەم وەستانە بووەتە هۆی ئەوەی ناوەکە بۆشاییەکی تەواوی بۆ دابنرێت. ئەگەر تەماشای ناوی (موحەممەدساڵح و موحەممەدئەمین) بکەین، دەبینین کە وەستانێکی تێدایە و وا هەست دەکرێت ناوەکە دوو ناوی جیاوازن، بەڵام ئەگەر بە (حەمەساڵح) و (حەمەئەمین) بوترێت، ناوێکی سووک و بە یەک ناو بەر گوێ دەکەوێت، ناوی ئەحمەد موختاریش لەبەر ئەوەی پیتی دال لە کۆتاییەوە هاتووە و دوو ناویشە، ئەحمەدیش وەک موحەممەدەکە کورت ناکرێتەوە، ناوەکە بە دوو ناوی جیاواز بەر گوێمان دەکەوێت، هەر لەبەر ئەوەیش بووە نووسەران بە جیاواز ناوەکەیان نووسیوە.

وایشی بۆ دەچم لەبەر ئەوەی ناوی (احمد مختار بک) بەپێی ڕێنووسی کۆن و حیسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی لە دایکبوونی شاعیر، ناوەکەی خۆی هەر بەو شێوەیە دانابێت و نووسیبێت.

## ناوی باوکی شاعیر

باوکی شاعیر ناوی: وەسمان پاشای کوڕی موحەممەد پاشای کوڕی کەیخوسرەوی کوڕی سلێمانی کوڕی زاهیر بەگی کوڕی یار ئەحمەد بەگی کوڕی سەیفوڵڵای کوڕی سەیید ئەحمەد بەگی جوانڕۆیە. (دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ١٩٨٦، ٢٨). سەبارەت بەوەی کە زاهیر بەگ کوڕی یار ئەحمەد بەگ... تاد، ڕای جیاواز هەیە.

لە دیوانی خانای قوبادیدا لە باسی ڕەچەڵەکی جافەکاندا و بە پێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستدان، ڕەچەڵەکی جافەکانمان لە سەرەتاوە بەم شێوەیە نووسیوە: "ئێناقی ئەسڵ، کوڕێکی هەبووە بە ناوی سەیید عەلی، سەیید عەلیش چەند کوڕێکی هەبووە، لەوانە: موستەفا بەگ، موحەممەد و سەیید ئەحمەد بەگی یەکەمی جاف. سەیید ئەحمەد بەگیش ئەم نەوانەی هەبووە: ڕۆستەم بەگی یەکەم (ڕۆستەم بەگی)، وەلید بەگ (وەڵەد بەگ)، ئەحمەد بەگی سەغیر (دووەم، شەمێرانییەکان)، ئەمیر خانی یەکەم (ئەمیرییەکان)، خالید ئاغا، مەنووچەهر (مەنووچەهرییەکان) و قوباد بەگی یەکەم.

ڕۆستەم بەگی یەکەم: دوو کوڕی ئەم پیاوە دیارن و ناویان: کەیخوسرەو سوڵتان و ئەحمەد سوڵتان. نەوەکانی کەیخوسرەو سوڵتان بریتین لە: بەهرام بەگ و عەبدوڵڵا بەگی وەکیل.

نەوەکانی ئەمیر خان بریتین لە: موحەممەد و قوباد بەگی دووەم. نەوەی خالید ئاغا، ئەمیر خانە، نەوەی ئەمیر خان موحەممەدە. نەوەکانی مەنووچەهر بریتین لە: ئەمین خان بەگ و میرزا بەگ. نەوەکانی قوباد بەگی یەکەم بریتین لە: خان پاشا و ئەحمەد.

قوباد بەگی دووەم: نەوەکانی ئەم قوباد بەگە بریتین لە: یووسف ئاغا، مەنسوور ئاغا، ئۆغلو بەگ، عەلی ئاغا، شاوەیس ئاغا، شۆڕە بەگ، موحەممەد (خانای قوبادی) و ئەحمەد بەگ.

نەوەکانی یووسف ئاغا بریتین لە: ئۆغلو بەگی دووەم و موحەممەد. نەوەکانی ئۆغلو بەگ ئەمانەن: ئیسماعیل و سلێمان. نەوەی موحەممەدیش حەبیبوڵڵا خان (نیزامولئەیالە)یە.

نەوەکانی ئەحمەد بەگی کوڕی قوباد بەگیش بریتین لەمانە: موئمین بەگ، یار حوسێن بەگ (پارەچین)، خانلەر بەگ، ئەمیر خان، عیسا بەگ، ڕۆستەم بەگ، میرزا بەگ و بۆران بەگ.

لە نەوەکانی سەیید ئەحمەد بەگی یەکەمی جافدا چەند هۆزێک دروست بوون، لەوانە: ڕۆستەم بەگی، وەڵەد بەگی، شەمێرانی، ئەمیری، خالد ئاغایی (ناوی ئەم هۆزەم بە دروستی دەست نەکەوتووە) و مەنووچەهری.

هۆزی قوبادی لە ئەمیر خانییەوە دروست بووە و لە قوبادییەکانیشەوە چەند تیرەیەک دروست بوون...". (دیوانی خانای قوبادی، ٢٠١٦، ٨٧)

بە باشم زانی سەرەتای ڕەچەڵەکی جافەکان کە بەپێی

بەڵگە و دۆکیومێنتەکان لە دیوانی خانادا دامانناوە، لێرەدا بهێنین، ڕەچەڵەکی ئەحمەد موختاریش کە دەگاتەوە بە یەکێک لەو گەورانەی جاف، بە دروستی بنووسرێتەوە.

موحەممەد پاشا حەوت کوڕی هەبووە: حەسەن، مەحموود پاشا، حەمەعەلی، قادر، فەتاح و وەسمان پاشا.

وەسمان پاشا دوو ژنی هەبووە، لە ژنی یەکەمیان: حەمەسەعید و مەجیدی هەبووە، لە ژنی دووەمیان عیزەت، ئەحمەد موختار بەگ و تاهیر بەگی هەبووە.

ئەحمەد موختار پێنج منداڵی هەبووە: (غاندی، ئەفراسیاب، شەمسەخان، ڕووناک و حەمیدە)یە.

## ساڵی لە دایکبوونی

هەریەک لە (کەمالی)ی شاعیر و نەجمەددین مەلا و سەجادی و ڕەفیق حیلمی کە کۆنترین سەرچاوەکانی ئەو دەمەن و سەرچاوەی دەستە یەکن، ساڵی لە دایکبوونی ئەحمەد موختاریان بە یەک ساڵ هێناوە و هەموویان دەڵێن: "ناوی (احمد مختار بک) بە ڕێنووسی کۆن دەکاتە ساڵی لە دایکبوونی شاعیر".

کەمالی لە کەشکۆڵەکەیدا دەنووسێت: "تولد احمد بگ عثمان پاشا ١٣١٦"، هەروەها لە گوڵدەستەیشدا دەنووسێت: "لە ساڵی ١٣١٦ هیجریدا لە هەڵەبجەدا هاتووەتە دنیا، (ئەحمەد موختار بەگ) بە حیسابی ئەبجەد مێژووی لە دایکبوونیەتی". (گوڵدەستەی شوعەرای..، ١٩٦٩، ١٠). لە کەشکۆڵی (سۆزی نیشتمان)یشدا کە هەر بە خەتی کەمالی نووسراوەتەوە، دەنووسێت: "ئەحمەد موختار بەگ بە حیسابی ئەبجەد کە ئەکاتە (١٣١٦) هیجری تەئریخی تەولدیە". دیسانەوە نەجمەددین مەلا لە مینای شکستە، بەرگی سێیەمدا دەڵێت: "احمد مختار بگ بە حیسابی ئەبجەد تەئریخی تەولدیەتی...". (مینای شکەستە، ب ٣، ٥٠٨).

احمد: ١+٨+٤٠+٤= ٥٣

مختار: ٤٠+٦٠٠+٤٠٠+١+٢٠٠= ١٢٤١

بک: ٢+٢٠= ٢٢

احمد مختار بک: ٥٣+١٢٤١+٢٢= ١٣١٦ کۆچی.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە بۆمان ئەوەیە کە ئەحمەد موختار خۆی ئەم دەستنووسانەی دیوە و مۆر و ئیمزای لەسەر کردوون، نازانم چۆن ڕۆژ و مانگی لە دایکبوونی خۆی نەنووسیوە. ساڵی (١٣١٦)ی کۆچیش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە (١٨٩٨ یا ١٨٩٩)، دەبێ ئەوەیش بڵێم ساڵی کۆچییەکە لە ڕێکەوتی (١٣١٦/١/١)ی کۆچی هەتا (١٣١٦/٨/١٧)ـە دەکاتە ساڵی (١٨٩٨)ی زایینی و لە (١٣١٦/٨/١٨)ـەوە دەڕواتە ناو ساڵی (١٨٩٩)، ئیتر نازانین شاعیر لە سەرەتای ساڵانی (١٣١٦)ی کۆچییەوە لە دایکبووە، یان لە دوای (١٣١٦/٨/١٨)ی کۆچی لە دایکبووە، بەڵام نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێت کە لە دوو سەرچاوەدا دەڵێن: "لە تەمەنی بیست ساڵیدا ژنی هێناوە". (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٩٥، ٥٢٥)، هەروەها (عادل سدیق)یش دەڵێت: "ئەحمەد موختار لە ماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، یەکەمیان ناوی حەبیبە بووە و بە (حەبەخان) ناسراو بووە و لە بنەماڵەی بابانەکانە، شاعیر لە ساڵی (١٩١٨)دا و بە چەند مانگێک بەر لە مەرگی تاهیر بەگی برای هێناویەتی و منداڵی لێ نەبووە..."، (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، ٢٠١١، ١٧١).

لێرەدا ئەم زانیاریانە گرنگن و پێویستە لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا لێکبدرێنەوە، ئەگەر شاعیر لە ساڵی ١٩١٨ و لە تەمەنی بیست ساڵیدا ژنی هێنابێت، ئەگەر ساڵی (١٩١٨-٢٠) بکەین ئەوە ساڵی (١٨٩٨)ی زایینی دەکات و شاعیر لەو ساڵەدا لە دایکبووە. سەجادی دەڵێت: تاهیربەگ لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە و کەمالیش دەڵێت لە ساڵی ١٩١٨ مردووە. عادل سدیق دەڵێت: بە چەند مانگێک بەر لە مردنی تاهیربەگ ژنی هێناوە، ئەگەر بەساڵی کۆچیش دایبنێین ئەوە (١٣١٦+٢٠= ١٣٣٦)ی کۆچی دەکات، واتە لە ڕێکەوتی (١٣٣٦/٣/١٧) تا کۆتایی لەناو ساڵی (١٩١٨) دایە.

ئەحمەد موختار بەگی جاف لە ساڵی (١٣١٦)ی کۆچی لە شاری هەڵەبجەدا لە دایکبووە، بڕوامان وایە بە ساڵی زایینیش، لە ساڵی (١٨٩٨)ی زایینی لە دایکبووە.

## خوێندنی شاعیر

سەبارەت بە خوێندنی ئەحمەد موختار جاف لەچی جێگایەک خوێندوویەتی، هەریەک لە کەمالی، نەجمەددین مەلا، سەجادی و ڕەفیق حیلمی باسیان لە خوێندنی شاعیر کردووە. کەسانی دوای ئەمانیش، یان لەمانەوە وەریان گرتووە، یان لە دەستاودەستی سەرچاوەکانەوە باسیان لە شێوەی خوێندنی شاعیر

ئەحمەد بەگ کردووە.

کەمالی لە گوڵدەستەدا دەنووسێت: "بە منداڵی ماوەیەک لە قوتابخانەی غەیرە ڕەسمیدا خوێندوویە، هیچ خوێندنێکی تری نەبووە، کەچی بە زیرەکی بیری و توانایی خوای دادپەروەر عەرەبی، تورکی، فارسی، کوردی هەتا ئینگلیزیی ئەزانی، وەک زیرەکی بیری بە جۆش و خرۆشی هەڵچووبوو". نەجمەددین مەلایش دەڵێت: "لە قوتابخانەی ئەهلیدا خوێندوویەتی، تەحسیلی مەکاتبی ڕەسمی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە"، هەروەها لە (مینای شکەستە)یشدا دەنووسێت: "لە قوتابخانەی ئەهلی خوێندوویەتی، تەحسیلی مەکاتبی ڕەسمی نەبووە، لەگەڵ ئەوەیش تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە بە زەکای فیتری، ئەحمەد موختار بەگ چەند ساڵێک قائیمەقام بووە...".(٥)

مامۆستا سەجادیش لەبارەی خوێندنی شاعیرەوە دەنووسێت: "ئەحمەد موختار وەک هەموو منداڵێکی تر لە حەوت ساڵیدا ئەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی منداڵان لە هەڵەبجە، قورئان و کتێبە وردەڵەکان تەواو ئەکا، لەپاش ئەمانە دەست ئەکا بە گوڵستان و خوێندنی فارسی تر، لەپاشا کەمێکیش عەرەبی ئەخوێنێ و دەستی لێ هەڵئەگرێ و خەریکی سەر و سواری و مڵکداری ئەبێ". (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٩٥، ٥٢٥). ڕەفیق حیلمیش (١٨٩٨-١٩٦٠) لە بارەی خوێندەواری شاعیرەوە دەنووسێت: "هەرچەن لە خوێندنێکی بەرز و ڕێکوپێک بەهرەدار نەبووبوو، بەڵام خاوەن زەکایەکی تیژ و بیرێکی ورد بوو. کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزیی ئەزانی. بە کوردی و فارسی گەلێک شیعری دانابوو". (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ٢٠١٠، ٢٠).

کەمالی لە دیوانی ئەحمەد موختاردا دەنووسێت: "لە قوتابخانەی ئەهلی لە هەڵەبجە خوێندوویەتی، تەحسیلی بەرزی نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا بە کوردیی و عەرەبیی و فارسیی و تورکیی ئەینووسی و بە ئینگلیزیش قسەی ئەکرد، بە فارسیی و کوردیی هەڵبەستی زۆرە، بەڵام داخەکەم خۆی نەینووسیوەتەوە...". (دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ١٩٦٠، ٣). لە سەرچاوەکانی پێشوودا هەموویان هاودەنگن لەسەر ئەوەی ئەحمەد موختار لە خوێندنگای ئەهلیدا خوێندوویەتی، جگە لە زمانی دایکی، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزیشی زانیوە.

عادل سدیق عەلی لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: "بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی پێمان دەڵێن کە مێژووی دروستکردنی یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی لە هەڵەبجەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و لە دوای ساڵی (١٨٩٢ز)ەوە قوتابخانەیەک لەم شارەدا بە ناوی (ئەوەلی هەڵەبجە) بنیادنراوە، ئەو قوتابخانەیە یەک مامۆستای هەبووە لەگەڵ (٣٠) خوێندکار.

ژمارە و ناوی قوتابخانە ژمارەی خوێندکار ژمارەی مامۆستا

(١) ئەوەلی هەڵەبجە ١٣٠

ئەم ژمارەیەش لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی (١٣٢١) کۆچیدا هاتووە و جگە لە هەڵەبجە ناو و ژمارەی هەموو قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی بە وردی ئاماژە پێکردووە.

لەم بارەیەوە (گۆران)ی شاعیر دەنووسێت: "لە بیرمە یەکەم قوتابخانە لە هەڵەبجە لە سەردەمی تورکەکاندا کرایەوە، لە پۆلی یەکەم وەرگیرام، بۆ پۆلێک وەرگیرام بەرێوەبەرەکەمان بە ڕەحمەت بێ، تاهیر ئەفەندی مەلا ئەمینی جەففار پێی دەگووت (ئیحتیات)"، گۆران درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەنووسێت: "خوێندنم لەو خوێندنگایە پچڕپچڕ بوو، پۆلی چوارەمی سەرەتاییم لەسەردەمی داگیرکردنی هەڵەبجەدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە تەواوکرد.

تاهیربەگی شاعیر لە کات و سات و سەردەمی خۆیدا خۆی سەردانی قوتابخانە تاقانەکەی هەڵەبجەی دەکرد و خوێندکار (شاگرد)ەکانی تاقی دەکردەوە و لە گیرفانی خۆیشی خەڵات و پاداشتی دەکردن. دەبێ ئەوەیش بڵێین کە ئەم قوتابخانەیە بینای تایبەتی خۆی نەبووە، بەڵکو خوێندکارەکان لە خانوویەکی حامیدبەگی مەجید بەگی وەسمان پاشادا دەیانخوێند. زمانی خوێندن لەم خوێندنگایەدا وەک هەموو خوێندنگاکانی دیکەی ویلایەتی مووسڵ زمانی تورکیی بوو، هەتا ڕێزمانی عەرەبییش هەر بە زمانی تورکیی دەخوێنرا، سیستمی قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە شێوازێکی عەسکەرییان بەسەرەوە بوو، قوتابی دەبووایە دروشمی (پادشاهم جوق پاشا) بڵێتەوە، سەرباری ئەو سرووده تورکیانەی کە مەدحی سوڵتانیان دەکرد.

لەو سەردەمەدا خوێندکاران و قوتابییان بە (شاگرد) و

مـامۆسـتـاكـانیش وەک هەمـوو فـەرمـانبـەرانی دیكەی حكومەت بە (ئەفەندی) دەناسران و بانگ دەكران.
ئەم قوتابخانەیە بەم شێوەیە بەردەوام بوو هەتا ساڵی (١٩١٨) كـە دەسـەڵاتی توركـەكـان لەم ناوچەیە بە یەكجاری پێچرایەوە و نەما و ئینگلیزەكان جێگەیان گـرتنەوە، لە تۆمـارەكـانی سـەرەتای تشـرینی دووەمی (١٩١٩)وە مـامـۆسـتـا عـەبدولعـەزیز زوڵاڵی وەک بەڕێوەبەری خـوێندنگای سـەرەتایی هەڵەبجـە ناوی هاتووە.
ئەم قوتابخانەیە لە ئەنجامی ئاڵۆزبوون و تێكچوونی بارودۆخی ناوچەكـە بەهۆی شـۆڕشی یەكـەمی شـێخ مەحموودەوە بۆ ماوەی ساڵێک داخرا، پاش ئەو ساڵە جـارێكی دیكە دەرگـای قـوتابخـانەكـە بە ڕووی قوتابییەكانیدا كرایەوە. ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) جگە لە ناوهێنانی هەر سێ مامۆستاكەی پێشوو، كۆمەڵێک زانیاری دیكەی لەسەر ئەو خوێندنگایەی باس كردووە، لەوانە: ئاماژەی كردووە بە سەرلەنوێ ئاوەدانكردنەوەی قوتابخانەكە، هاوكات مامۆستا عەبدولعەزیز سەرەڕای كـاری بەڕێوەبەرێتی لەو خـوێندنگایەدا، كـاری مامۆستایەتی و وانە وتنەوەیشی ئەنجام داوە، ڕۆژنامەكە باسی ئەوەیشی كردووە كە لەو كاتەدا (١٩٢٠/٦/١٠) تەنیا سێ پۆل كراوەتەوە و قوتابییەكانیش زۆربەیان جـوولەكـە و هەورامی و گـوندنشـینەكـان بوون و بەشێكیشیان خەڵكی ناو شاری هەڵەبجە خۆی بوون، تەمەنی خوێندكارەكان لەو سێ پۆلەدا لە نێوان (٥ بۆ ٦ تا ١٢) ساڵاندا بووە، ڕۆژنامەكە باسی ئەوەیشی كردووە كـە خـوێندكـارەكـان چەند پەرۆش بوون بۆ فـێـربوون، هەروەها ناوی ژمـارەیەک لەو بابەتانەی هێناوە كـە لەو كـاتەدا لەو خـوێندنگایە و خـوێندنگاكـانی دیكەی ویلایەتەكەدا خوێنراون، لەوانە: (حیساب و هەندەسە و مێژوو و جوگرافیا)، ڕۆژنامەكە درێژەی بە بابەتەكە داوە و باسی دواكەوتوویی و ڕەشوڕووتی و بارودۆخی خراپی ئاستی خوێندەواری كردووە، بە تایبەتی لە قەزاكاندا، بەشـێوازێک زۆربەی باوک و باپیری ئەو خوێندكـارانە ئاگـایان لەو جـۆرە زانسـتـانە نەبووە كـە ڕۆژانە منداڵەكانیان لە قوتابخانەكانیاندا دەیانخوێند، بگرە هەر ناویشیان نەبیستوون.
لەنێو ئەو خوێندكارە ناسراوانەی كە لەم خوێندنگایەدا خوێندوویانە (ئەحمەد موختار جاف- ماوەیەكی كەم، (گۆران)ی شاعیر، شێخ موحەممەد شێخ حوسەین ناسراو بە (حیلمی عەلی شەریف)، (شێخ مارفی قەرەداغی)، موحەممەد مەحموود مەلا ئەمین ناسراو بە (حەمەی باول)، تۆفیق حەمەعەلی ناسراو بە (ڕەیسی بەلەدیە)، بەهیە مەلا تاهیر جەففار (كچی مەلا تاهیری جەففار).
لەو تۆمارانەی كە لەم قوتابخانەیەدا هەبووە تۆمارێكی ئامـار بووە بۆ سـەرژمـێری خـوێندكـاران، تۆمـارەكـە ئەم زانیـارییـانەی تێـدا تۆمـاركـراوە (ژمـارەی گـشـتی خـوێندكـاران، جـۆری ڕەگـەز: نێـر و مێ، سـاڵی لە دایكبوون، ئایین: موسوڵمان و مەسیحی و جوولەكە.".
(چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، ٢٠١١، ١٥).
وەک دەبینین خـوێندنگای حكوومی لە شـاری هەڵەبجـەدا لە سـاڵی (١٨٩٢) زاییـنی لە لایەن عـوسـمـانییـەكـانەوە دروستكراوە و كراوەتەوە و ناوی (ئەوەلی هەڵەبجە)ی لێ نراوە، قـوتابخـانەكـەیش یەک مـامـۆسـتـا لەگـەڵ (٣٠) خـوێندكـاری هەبووە. ئەم ژمارەیەش لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیدا بە ساڵی ١٣٢١ی كۆچی نووسراوە.
قـوتابخـانەكە (٦) ساڵ بەر لە هاتنە دنیای ئەحمەد موختار دروست كراوە، هەروەها دەڵێن قوتابخانەكەیش هەتا ساڵی (١٩١٨) بوونی هەبووە، بەهۆی پشـێوی و شەڕەكانەوە لەناوچەی سلێمانی بە یەكجاری پێچراوەتەوە و نەمـاوە، ئینگلیـزەكـان دێنە ناوچەكـە و جـێگەیان گـرتووەتەوە، ئەم قـوتابخـانەیە بۆ مـاوەی سـاڵێک دادەخرێت و لە تۆمارەكانی سەرەتای تشرینی دووەمی (١٩١٩)وە مـامـۆسـتـا عـەبدولعـەزیز زوڵاڵی وەک بەڕێوەبەری خـوێندنگای سـەرەتایی هەڵەبجـە ناوی هاتووە.
هەروەها ئاماژە بەوەیش دەكەن كە قـوتابخـانەكـە لە (١٩٢٠/٦/١٠) تەنیـا سێ پۆلی كراوەتەوە، تەمـەنی خوێندكارەكان لەو سێ پۆلەدا لە نێوان (٥ بۆ ٦ تا ١٢) ساڵدا بووە، خوێندكارە ناسراوەكانی نێو خوێندنگاكە: (ئەحمـەد مـوختـار جاف- مـاوەیەكی كـەم، (گـۆران)ی شاعیر و...تاد) بوون، ئەگەر وابێت ئەحمەد موختار لە سـاڵی (١٨٩٨) لە دایكبـووە و تا سـاڵی (١٩٢٠) تەمـەنی (٢٢) سـاڵ بووە، ڕۆژنامـەكـەیش وتوویەتی تەمـەنی خـوێندكـارانی نێـو ئەو خـوێندنگا (٥-١٢) ساڵانە، یان دەبێ زانیـارییـەكـانی ناو ڕۆژنامـەكـە هەڵە بێت، یان دەبێ ئەحمەد موختار تا تەمەنی (٢٢) ساڵان خـوێندبێـتی، هەر لە هەمـان كـتـێـبدا كـاتێک باسی ژنهێنانی ئەحمەد موختار دەكات دەنووسێت: شاعیر لە

ساڵی (١٩١٨)دا و بە چەند مانگێک بەر لە مەرگی تاهیر بەگی برای ژنی هێناوە و منداڵی لێ نەبووە، ئەمەیش جێگەی تێڕامانە، پێم وایە زانیارییەکان دەبێ بەم شێوە بێت:

کاتێک قوتابخانەکە لە ساڵانی (١٨٩٢) دروستکراوە و تا ساڵانی (١٩١٨)، یان (١٩١٩)ی زایینی لە سەرەتای دروستبوونییەوە ئەحمەد موختار خوێندکاری ئەو خوێندنگایە بووبێت، نەک لە ساڵانی (١٩١٨) بە دواوە، ناکرێت ئەحمەد موختار لە تەمەنی (٢٠-٢١) ساڵان ژنی هێنابێت و خوێندکاری ئەو قوتابخانەیەیش بووبێت. وەک سەجادی دەنووسێت: وەک هەر منداڵێکیتر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، کەواتە دەبێ ئەحمەد موختار لە ساڵانی (١٣٢٣)ی کۆچیدا خوێندکاری ئەو قوتابخانەیە بووبێت، واتە: لە ساڵانی (١٩٠٥-١٩٠٦)ی زایینی خوێندکار بووە.

هەر لەبارەی زمانزانی شاعیرەوە، هەرچی زمانی کوردییە ئەوە زمانی دایکی بووە و ناکرێت لە ڕێگەی مامۆستای تایبەت و قوتابخانەوە فێرکرابێت، سەبارەت بە زمانی عەرەبیش لەو دەمەدا زۆربەی وانەکان بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بوون، هەر لە گوڵستان و بۆستان و عەرووز و قافیە و قورئان و بەلاغەت و کتێبە وردەکانی ئەو دەمە، بەو سێ زمانە بووە و هەر بە منداڵی فێری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بوون. لەبارەی زمانی فارسی و عەرەبی، شاعیر پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ وڵاتی ئێران و بەغدا دا هەبووە، شاعیر نزیکەی (١٦) پارچە شیعر و هەندێ نووسینی سەبارەت بە کێشی تەویل بە زمانی فارسیی لێ بەجێماوە، لەم نووسین و شیعرانەوە دەتوانین ئاستی زمانی شاعیر بزانین کە شارەزایی تا چەند لەو دوو زمانەدا هەبووە. وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە فارسیی لەسەر دەستی باوکی (گۆران)ی شاعیر فێربووە و (کەمالی)یش دەنووسێت شیعری بە زمانی کوردی و فارسیی زۆر بووە.

سەبارەت بە زمانی عەرەبیش شاعیر شارەزای قورئان بووە و عەرووز و قافیەی بەو زمانە خوێندووە، هەروەها لە ساڵانی (١٩٢٢) بەدواوە دەبێتە قائیمقامی شاری هەڵەبجە و لە ساڵی (١٩٢٤)یش دەبێتە نائیب لە پەرلەمانی حکومەتی ئێراق، ئەم پۆست و دەسەڵاتانەیش نابێ کەسێک وەری بگرێت و زمانێکی سادە و لاوازی زانیبێت، دواتریش ئەو هەڵوێستە سیاسی و تایبەتیانەی بەرانبەر بە عێراق و ئینگلیز و سیاسەتی ئەو دەورە هەیبووە، کەسێکی وەک ئەحمەد موختار بە کەمێک شارەزایی لە زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکیی بە دڵنیاییەوە ناتوانێت بەرانبەر دەوڵەتانی وەها شێوە بوەستێتەوە.

شاعیر زمانەکانی زۆر بە باشی زانیوە، هەم بە خوێندن و هەم بە نووسینیش شارەزایی تەواوی لێیان هەبووە. زمانی تورکیش هەر لەو خوێندنگا تورکییە فێر بووە، وەک دەڵێن عوسمانییەکان ئەو خوێندگایەیان لە چەند ناوچەیەک کردووەتەوە و خۆیشیان سەرپەرشتییان کردووە، هەر بە تورکیش وانەیان بە خوێندکارەکان وتووەتەوە. (کەمالی)ی شاعیریش لەبارەی زمانزانی شاعیرەوە ئاماژەی گرنگمان پێ دەدات و پاڵپشتی قسەکانمان دەکات.

### ژنهێنانی ئەحمەد موختار

سەبارەت بە ژنهێنانی ئەحمەد موختار، ئەوە مامۆستا سەجادی ئاماژە بەوە دەکات شاعیر لە تەمەنی بیست ساڵیدا ژنی هێناوە، بەڵام ناڵێت چەند ژنی هێناوە. تەنیا سەرچاوەیەک کە بە وردی باسی بابەتی ژنهێنانی ئەحمەد موختاری کردبێت، کتێبەکەی (عادل سدیق)ە لەسەر شاری هەڵەبجە، ئەم کتێبە پڕە لە زانیاری نوێ و گرنگ، نووسەر لەبارەی ژنهێنان و منداڵەکانی ئەحمەد موختارەوە دەنووسێت:

"ئەحمەد موختار لە ماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، یەکەمیان ناوی حەبیبە بووە و بە (حەبەخان) ناسراو بووە و لە بنەماڵەی بابانەکانە، شاعیر لە ساڵی (١٩١٨)دا و بە چەند مانگێک بەر لە مەرگی تاهیر بەگی برای هێناویەتی و منداڵی لێ نەبووە، دووەمیان ناوی (ڕەعنا)یە و خەڵکی شاری سلێمانییە، دایکی (ئەفراسیاب و شەمسە)یە، سێیەمیان ناوی (فاتیمە)یە و هەورامی بووە، فاتیمە دایکی (ڕووناک و غاندی و حەمیدە)یە، حەمیدە لە سکی دایکیدا بووە باوکی کوژراوە...". (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، ٢٠١١، ١٧١).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەحمەد موختار سێ ژنی هێناوە و لەبەرەی ئەو سێ ژنە سێ کچ و دوو کوڕی هەبووە: (ئەفراسیاب، غاندی، شەمسە، ڕووناک، حەمیدە).

## نازناوی شیعری

هەر لەبارەی نازناوی شیعریی شاعیرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە شاعیر لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا نازناوی (ئەحمەد)ی بۆ خۆی داناوە. (د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول)یش لەبارەی نازناوی شیعریی شاعیرەوە لە تێبینییەکدا دەنووسێت: "مامۆستا گیوی موکریانی (١٨٩٧-١٩٧٧) باسی ئەوە دەکات کە سەردەمێک تەخەللوسی ((گوڵشەن)) بووە، بەڵام هیچ شیعریان بەو ناوەوە دەست نەکەوت". (د. ئەحمەد موختار جاف، ١٩٨٦، ٧).

لە جێگایەکی تردا دکتۆر عیزەددین مستەفا دەنووسێت: ئەحمەد موختار ناوی خۆی (ئەحمەد)ی کردووە بە نازناوی شیعری و تەنیا لە یەک قەسیدەدا موختاری کردووە بە نازناو. ڕاستە شاعیر (ئەحمەد)ی بە نازناوی شیعری کردووە، لەو هۆنراوەیشدا کە (موختار)ی کردووە بە نازناوی شیعری، ئەمەیش تاکە شیعرە بەو شێوەیە بێت و ببینرێت، ئامادەکار نەیوتووە ئەم قەسیدەیەمان لە چ نوسخە و سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، لە دیوانەکەی لای دکتۆر عیزەددین مستەفا ئەم قەسیدە بە شیعری ژمارە ٩٦ هاتووە:

**لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێنی نییە (موختار)**
**بە کاری هیچ نەهاتن دۆستەکانی، خزم و خوێشانی**

ئەم قەسیدەیە لە نوسخەکەی کەفریدا هاتووە و لە جێگەی (موختار)، (ئەحمەد) نووسراوە و بەیتەکەیش بەم شێوەیە:

**لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نییە (ئەحمەد)**
**بە کاری هیچ نەهاتن دۆستەکان، خزم و خوێشانی**

لە هەندێ جێگای تریشدا ناوی موختار بەم شێوەیە دەهێنێت:

**بتکوژێ، بتبڕێ ئەو شۆخە دەخیلم عاشق**
**زویر مەبە هەرچی بکا ساحێبە خۆی موختارە**
**مەنعی (ئەحمەد) مەکە زاهید کە هەمیشە مەستە**
**عەفووی ئەو ڕۆژی جەزا سەهلە خوا غەففارە**

لە جێگایەکی تردا شاعیر دەڵێت:

**بە قەتڵ و کوشتنت موختارە عاشق شۆخی شیرینت**
**لەسەر ڕوح و دڵت فەرمانی ئەو سالارە مەشکێنە**
**کە من پەروانەیی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا**
**دڵی (ئەحمەد) بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە**

ئێمە بڕوامان وایە کە شاعیر نازناوی ئەحمەدی بەکار بردووە و ئەوانی تر خراونەتە پاڵ شاعیر و دەکرێ زیادەبێت.

## ئایا کەمالی هۆنراوەی ئەحمەد موختاری بردووە؟

لەناو هەندێک لە نووسەران و بنەماڵەی ئەحمەد موختاردا هەندێ قسە و باس هەن، پێویستە ڕوون بکرێنەوە و یەکلایی بکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە گوایە (کەمالی)ی شاعیر، هاوڕێ و دۆستی نزیک و گیانی بە گیانی ئەحمەد موختار جاف بەشێک لە هۆنراوەکانی ئەحمەد موختاری بردووە و بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە، تەنیا نەیتوانیوە ئەو هۆنراوانە دەستکاری بکات کە لەسەر زاری خەڵک و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شاعیر خۆی بڵاوی کردوونەتەوە.

لێرەدا پێویستە چەند پرسیارێک بکەین، ئایا کەمالی لە ئەحمەد موختار گەورەترە، یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا کامیان زووتر دەستیان بە شیعر نووسین کردووە؟ کامیان پێشتر نووسینیان بڵاوکردووەتەوە، کام شیعرانەن کەمالی بردوویەتی، لە ڕووی زمانەوە لێیان بکۆڵرێتەوە و ڕوون بکرێتەوە.

شوان گەرمیانی(٦) لە بابەتەکەیدا وتەیەک لە زمانی شەمسەخانی کچی شاعیرەوە دەگێڕێتەوە و دەنووسێت: "لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەبارەت بەدەستنووسەکانی شاعیری شەهید، ئەوەی لە شەمسە خانمی کچیم بیستووە، زێدەکەم. شەمسە خانم دەڵێت: پاش یاخی بوونی باوکم وام بە باش زانی ئەو سنووقە بزماڕڕێژە کە دەستنووسەکانی خۆی تیادا بوو لەبەر ئەوەی نەفەوتێت، بینێرم بۆ عەلی کەمال باپیر ئاغا لە سولەیمانی، ئەو سنووقە پڕ بوو لە دەستخەت و شیعرەکانی باوکم، پاش کوشتنی باوکم، ئەو سنووقەم وەرگرتەوە، بەڵام نیوەی خاڵی بوو.

هەڤاڵانی هەردوو شاعیر، هەندێکیان بە گومانەوە و هەندێکیش بە ئاشکرا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە عەلی کەمال باپیر زۆربەی شیعرەکانی موختاری دەستکاری کردووە و بە ناوی خۆیەوە نووسیونی و تەنیا نەیتوانیوە دەستکاری ئەو شیعرانە بکات کە یان بەسەر زاری خەڵکەوە بوونە، یان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراوەتەوە. هاتوچۆی ئەم سنووقە و بە پڕ ڕۆیشتنی و بە نیوە خاڵی گەڕانەوەی، ئەو گومانە زێدەتر دەکات.". (مامۆستای کورد، ١٤، ١٥)

ئاشکرایە کەمالی و ئەحمەد موختار دوو هاوڕێ و دۆست و برایەکی گیانی بە گیانی یەکتر بوون، کەمالی لە گوڵدەستەدا یەک دوو لاپەڕە بۆ ئەم دۆستەی تەرخان دەکات، لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی (١٩٦٠)دا دیوانی ئەم شاعیرە چاپ دەکات، دوای مردنیشی زۆر بۆی بە داخ دەبێت و لە گفتوگۆیەکیدا دەڵێت: "ساڵی (١٩٣٥) کاتێک ئەحمەد موختاری شاعیر و چیرۆکنووس، هاوڕێی ئازیزم شەهید کرا، لە داخا ماوەی یەک ساڵ گوێزان و چەقۆ بەر سەر و ڕیشم نەکەوت... هەر تەعزییەبار بووم. بە نەمانی ئەو شاعیرە دڵسۆز و شۆڕشگێڕە لایەکم لێ بووەوە، ئێستایش هەر کە یادی دەکەمەوە هەناسەی سارد هەڵدەکێشم و تاسەیەک دەمباتەوە. چاکترین چامەیەک کە بەلای خۆمەوە زۆر کاریگەر و پەسەند بێ، ئەو شیعرانەیە بۆ شیوەنی ئەحمەد موختارم وتووە". (گۆڤاری وەشت، ١١).

لێرەدا پێم خۆشە چەند بەڵگەیەک لەسەر ئەو بابەتە بهێنمەوە کە کەمالی شیعری ئەحمەد موختاری بردووە، یان نا! سەرەتا دەمەوێ لە زمانی شیعری و شێوەی نووسینی کەمالی و ئەحمەد موختارەوە دەست پێ بکەم، ئەگەر زمانی شیعریی کەمالی لەگەڵ ئەحمەد موختاردا بەراورد بکەین، زمانی شیعریی ئەم دوانە لە یەکەوە دوورن و هیچ شیعرێک نابینین لە دیوانی ئەم دوانەدا کە بگوترێ ئەم شیعرە هی ئەحمەد موختارە و کەمالی دەستکاری کردووە و بردوویەتی، هەروەها وشەکاری و دەستکاری شیعریش لە قاڵبێکەوە بۆ قاڵبێکی تر و گۆڕانکاریی وشەیی لە غەزەلێکدا دەبێت چەند دەستکاریی بکات تا ئەو شیعرە ببێتە شیعری ئەو، ئینجا ئەو شیعرانەی کەمالی بڵاوی کردوونەتەوە (٣٠) پارچە شیعر بووە، هەر بەناوی دیوانی شاعیریشەوە بڵاوی کردوونەتەوە، تەنیا لە هەندێ جێگادا دەستکاری هەندێ وشەی کردووە و بەلای ئەوەوە بەو شێوەیە باشتر بووە، لە نوسخەکەی تریشدا کە بڵاو نەکراوەتەوە، بە تایبەت بۆ ئەحمەد موختار نووسراوە، لە هەندێ جیگادا دەستکاری وشەی کردووە و دواتر شاعیر خۆی بە پێنووسێکی تر چاکی کردووەتەوە و ئیمزا و مۆری کردووە. ئەمانە مانای ئەوە نادەن کە کەمالی شیعرەکانی ئەحمەد موختاری بۆ خۆی بردووە، باشە ئەگەر ئەو شیعرانەی بردبا، بۆچی ئەو دەستنووسەی (٢٥) پارچە شیعری تێدایە و لە هیچ چاپێکی دیوانی ئەحمەد موختاردا نییە و بڵاو نەکراوەتەوە، نەیبردووە؟ خۆ دوای (٢٥) ساڵ تێپەڕین بەسەر مردنی شاعیردا دیوانەکەی ئەحمەد موختاری چاپ کردووە، دواتر خۆی لە ژیاندا بووە دیوانەکانی خۆی چاپ کردووە، بۆ لێکۆڵەرانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی یەک پارچە شیعری کەمالی ناهێنن بڵێن ئەمە شیعری کەمالی نییە و شیعری ئەحمەد موختارە، بگرە کەمالی هێندە دڵسۆزی شاعیر بووە ئامادە نەبووە تا یەک ساڵ ریش بتاشێت و گوێزان بەر ریشی بکەوێ.

کەمالی لە گفتوگۆیەکیدا دەنووسێت: "ڕۆمانی (چۆن بووم بەخانەدان= مەسەلەی ویژدان... دەڵێ: لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨دا لەلایەن عەلی کەمال باپیرەوە نووسراوەتەوە.". (گۆڤاری کاروان، ٦، ٧١-٩٠) کاک کەمال ڕەئووف محەمەد پەراوێزێک بۆ ئەم باسە دەنووسێت و دەڵێت: "گوفتار لەم بارەیەوە- تۆمار- نەکرا- بەڵام بە دەم و دوو بۆی گێڕامەوە کە خۆی: دۆست و هاوڕێی نزیکی ئەحمەد موختار جاف بووە و خۆی بۆی نووسیوەتەوە... زیاتر وتی: ئەو کەسەی کە چیرۆکەکەی لەسەر نووسراوەتەوە و مەبەستە_ ئاشکرایە:...؟) و بە ئەحمەد موختار جافم وت: باوکم من ئیتر بۆت نانووسمەوە! وتی: بۆچی؟ وتم: ئەترسم لەسەر ئەم چیرۆکە بتکوژن. (ئاشکرایشە ئەو چیرۆکە کۆتایی پێ نەهاتووە./ ک. ر. م.).". (گۆڤاری کاروان، ٦، ٧١-٩٠).

حەوت دەستنووسەکە و ئەو زانیارییەی لەبارەی نووسینەوەی چیرۆکی مەسەلەی ویژدانەوە و خەمخۆری کەمالی بۆ شاعیر کە دەترسێ بیکوژن و کەسایەتی نێو چیرۆکەکە دیاری کراوە، ئەمە دڵسۆزی کەمالی نیشان دەدات، نەک لە دوای مردنی ئەحمەد موختار کەمالی بێت و خیانەتی لێ بکات. حیلمی شاعیر دەڵێت: "وەک عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا و ناتیق (کە بە مەلا کەریم بە ناوبانگە) شێخ سەلام و میرزا مارف و ئەحمەد بەگی پاشا و سەعید فەوزی و.. لەگەڵیاندا لە چایخانەکەی تەنیشت مزگەوتی پاشا دادەنیشتم و سەریان دەکردە سەرم و شیعریان ئەوت و منیش شیعری لەو بابەتە قۆڕانەم بۆیان ئەوت...". (گۆڤاری ڕامان، ١٤٠، ٥٩-٧٨).

لەم وتەیەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەمالی و ئەحمەد موختار و حیلمی و شاعیرانی هاوتەمەن و دۆستی ئەحمەد موختار چەندان جار دانیشتنی ئەدەبی و شیعری و کێبرکێی شیعرییان هەبووە و کردووە. لەم چەند پارچە

شیعرەی هەردوو شاعیرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کێبڕکێی شیعرییان ئەنجام داوە، سالم لە هۆنراوەیەکدا:

**ئەلوەداع ئەی موڵکی بابان ئەلوەداع**
**ئەلوەداع ئەی جانی جانان، ئەلوەداع**

ئەحمەد موختار وتوویەتی:

**(السلام)، ئەی شاهی خوبان، (السلام)**
**(السلام)، ئەی ماهی تابان، (السلام)**

کەمالیش دەڵێت:

**ئەوا ڕۆیم لە داخت شۆخی سیمین بەر، خودا حافیز**
**بەجارێ تەرکی عەشقم کرد بوتی کافر، خودا حافیز**
**دڵم پۆڵا نییە، خۆ پارچە گۆشتێکە بەسە تاکەی**
**بە ئەبرۆت ئەیدەیە بەر زەربەیی خەنجەر، خودا حافیز**

یان لە هۆنراوەیەکی تردا ئەحمەد موختار دەڵێت:

**دەستێ کە بە داوێنی ئەتۆ، دەستێ بە دڵ بم**
**چیبکەم کە نییە دەستێ بکەم خاکێ بە سەردا**

کەمالیش دەڵێت:

**دەستێ بە زامی سینەوە، دەستێ بە دامەنی تۆ**
**دەستێ ترم لە کوێ بوو خاکێ بکەم بە سەردا**

لە جێگایەکی تردا ئەحمەد موختار دەڵێت:

**دوو چاوی مەستی تۆ، دائیم وەک تورکانی تیرئەنداز**
**ڕەهایە بۆ دڵی من، فەرموو وا قوربانەکەی خۆت هات**
**خەڵاتی مەعنەویی (ئەحمەد) بکە قوربان، بە لوتفی خۆت**
**لە دەشتی شارەزوورا شێت و هەم عوریانەکەی خۆت هات**

کەمالیش دەڵێت:

**ئەوا ئەی شەمعی دین، پەروانەکەی دەوری چراکەت هات**
**غەریب و دەربەدەر، مەجنوونی بێ بەرگ و نەواکەت هات**
**بە دەوری ڕووی وەک گوڵتا، هەتاکو نەغمەخوانی کا**
**لە کوردستانەوە وا بولبولی دەستان سەراکەت هات**

ئەمەیش بەڵگەی کێبڕکێی شیعری نێوان ئەم دوو شاعیرەیە. تا ئەو جێگایەی دیوانی کەمالی و ئەحمەد موختارم خوێندووەتەوە هۆنراوەیەکم پێش چاو نەکەوت هی ئەحمەد موختار بێت و کەمالی دەستکاری کردبێت و لە دیوانەکەی خۆیدا بڵاوی کردبێتەوە. هەر لە نێوان ئەم دوو شاعیرەدا نامەی شیعریش دەبینرێت، بەڵام وەڵامی کەمالی دیار نییە، واتە تەنیا شیعری ئەحمەد موختار وجوودی هەیە.

### جێگای شیعر نووسینی

لە هێمن موکریانی شاعیرەوە دەگێڕنەوە و دەڵێن: سەبارەت بە هەست و نەست و کاتی شیعر نووسین، دەڵێم کاتێک هەست و نەستی شیعرێکت بۆ دێت و دەتەوێ بینووسیتەوە، ئەگەر ئەو هەست و شیعرە ڕێگەی ماڵت لێ وێڵ نەکات و هەستت نەجووڵێنێت، ئەوە ئەو شیعرە کاریگەریی خۆی لەسەر خوێنەر جێ ناهێڵێت.

شەمسەخانی کچی شاعیر دەڵێت: "ماڵەکەی پاشا، حەوشەی پاشا لە چوارلاوە چوار قوللەی تێدا بوون، هەموو جارێک ئەچووە ناو قوللەکان و دادەنیشت و شیعرەکانی دەنووسی...". (ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ٢٣٢، ٨).

ئەم قوللانە هەر یەکەیان بەسەر لایەکی هەڵەبجەدا ڕوانیبوویەتی، ئەو سروشتەی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری کاریگەریی تەواوی لەسەر نووسین و شیعرەکانی ئەحمەد موختار هەبووە، ئەم ڕوانینە و ئەو گۆشەگیرییەی شاعیر لەکاتی شیعر نووسین لەناو ئەو قوللانەدا، دەبێ چ هەست و جۆش و نەست و ڕوح و کەشێکی بۆ نووسینی شیعرێکی شاعیر هێنابێتە پێشەوە و چ کاریگەرییەکی لەسەر دەروونی شاعیر دانابێت!.

**پەراوێزەکان:**

**١- لە سەرەتای دەستنووسەکەوە نووسراوە.**

**٢- سەرەتا و دەسپێکی هۆنراوەیەکە.**

**٣- لە کۆتایی هۆنراوەیەکەوە باسی نووسینی چۆنێتی هۆنراوەکە دەکات، ئێمە لە شوێنی خۆیدا ئەو نووسراوە دەهێنین، نووسینەکە بە خەتی شاعیرە.**

**٤- ئەم نووسینەیش هەر خەتی شاعیرە و لە ساڵی (١٣٣٤)ی کۆچیدا نووسراوە.**

**٥- لەبەر ئەوەی لە نووسینی کۆندا خاڵبەندی نەبووە، نووسینەکەیش دەکرێت بەم دوو جۆرە بخوێنرێتەوە:**

**یەکەم: (...و عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە بە زەکای فیتری، ئەحمەد موختار بەگ چەند ساڵێک قائیممەقام بووە...).**

**دووەم: (...و عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە، بە زەکای فیتری ئەحمەد موختار بەگ چەند ساڵێک قائیمقام بووە...). ئێمە خاڵی یەکەمان بە دروستتر زانی و دامانناا، هەرچەند زەکای فیتری بۆ هەردوو ڕستەکە دەست دەدات.**

**٦- دکتۆر حەسەن جاف پێی وایە (شوان گەرمیانی)ی شاعیر و نووسەر (نەبەرد جاف)ـە.**

*** وا دیارە کاکە کاروان عوسمان خەیات ئاگای لە دەرچوونی دیوانێکی دیکەی ئەحمەدموختار جاف نییە کە لەلایەن (عەبدولکەریم حەمید)ەوە ئامادە کراوە و لە بارەیەوە نووسراوە. لەو دیوانە چاپکراوەدا چوارینێکی نوێی شاعیرم لەلا بوو کە لە بارەی نەورۆزەوە نووسیویەتی، کاتی خۆی بە دەستخەتی شاعیر کەوتە دەستم، لەوێ ئەو چوارینەیە بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوە.**
**(ڕامان)**